سیاسەت و ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی هەگزپەرستانە و شۆڤێنیستی بەرژوازی دەسەڵاتدار لە تورکیا، بەتایبەت پارتی ناسیۆنالیستی کە هاوگری ئایدۆلۆژیای کەمالیستییە، و پارتی ئیسلامی ئەردۆگان، بەرامبەر جەماوەر لە کوردستانی تورکیا و سوریا، بووەتە بیانوویەکی سیاسی کاریگەر و ئامازەکی هاندانی زۆر بەسوود بۆیان لە خزمەت سیاسەتی فراوانخوازی و تەماحە ئیمپریالیستەکانیان لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە سوریا و ناوچەی موسڵ لە باکووری عێراق، وە بە زاوتکردنی مافی ئەم جەماوەرە بە ژگاربوونیان لە دەست نادادپەروەری و هاواردنی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانیان.

جگە لەوەش ئەو ئیدیعا و ئەفسانە (خرافات) ئایدیۆلۆژیانەی کە ئەردۆگان ماویەکی زۆرە سەبارەت بە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی نوێی عوسمانی پێڕەی پێدەدا، خزمەت بە بەرژەوەندییە سەرمایەدارییە هاوچەرخەکانی دەکات، لە درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی سەربازی و سیاسی، و زامنکردنی ناوچەکانی نفوزی خۆی لە چوارچێوەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکانی ئێستادا لەنێوان وڵاتانی جەراوجەر و جەمسەرە ناوچەییەکاندا.

بەگشتی ئەم بەرژەوەندیانەی ئێستای تورکیا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیسرائیل لە سوریا، ناکۆکن لەگەڵ یەکتری

و بەریەک دەکەون بۆ تایبەت لەسەر ئاوەی کە تورکیا بەنیازە لەبەرامبەر (هەسەدە) و هێزەکانی پاراستنی گەلدا بیکات. ئەمە جگە لە تۆندوتیژبوونەوەی ململانێکانی تورکیا لەگەڵ ژمارەی ئێران و بەشێک لە دەوڵەتانی کەنداو وەک سعودیە و ئیمارات لەسەر چارەنووسی سوریا و پێشهاتەکانی دواتری.
هەموو ئەم ململانێ و پێکدادانانەی بەرژەوەندییەکان بە شێوەی جەراوجەر ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵوێست لە بەرامبەر (هەسەدە) و چۆنیەتی ڕێکخستنی پێوەندییە سیاسییەکان، چ فیدراڵی بێت یان بە شێوەیەکی تر، لەنێوان ئاو ناوچەیەی کە لە لایەن هێزەکانی (هەسەدە)وە بەڕێوەدەبرێت، و باقی سوریا و ژمارەیەک لە دیمەشق، ئەمە جگە لە تۆندوتیژبوونەوە (اشتداد)ی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل بەرامبەر بە تورکیا سەبارەت بە چارەنووسی (هەسەدە) لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا.
ئەبێت، بەردەوامی بوونی هێزە ئەمریکییەکان لەم ناوچەیەدا، کە لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی (هەسەدە) دایە، و پارێزگاری ئەم هێزانەی ئەمریکا لە (هەسەدە) لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیادا، خزمەت بە بەرژەوەندییە ئیمپریالیستیەکانی ئەمریکی و ئامانجە ستراتیژییەکانی لە سوریا و ناوچەکەدا دەکات.

پرسیار: ململانێ جیۆپۆلەتیکی و شەڕ و شۆڕ بە وەکالەتکان هەر لە بەردەوام بوندان لە ناوچەکەدا و تۆندتر دەبنەوە، بە تایبەت سیاسەتی داگیرکاری فراوانخوازانەی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە کشانی نەخشەی نوێ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆیان. لەم چوارچێوەیەدا فشارە سیاسی و سەربازییەکان بە سەر ئێران لە پەرەسەندنداین و تۆوزمی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ، جگە لە زیاتربوونی هەوڵەکانی تورکیا بۆ گەیشتن بە ئامانجە تەماحکارییەکانی فراوانخوازییەکانی. چۆن هەکارە ئابوورییە مادییەکانی پشت ئەم هەموو تۆندوتیژبونەوەیەی ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان لەم ناوچەیەدا شی دەکەیتەوە؟ وە پێوەندی نێوان خەباتی چین و تۆژە کەمایەتییەکان لە ناو وڵاتانی ڕکابەر و وڵاتانی ستەمێکراو لە هەموو ئاو شتانەی کە ڕوودەدەن چییە؟
موئەیەد ئەحمەد: لە نامیلکەی سۆسیالیزم و جەنگدا، کە لینین لە هاوینی ساڵی (١٩١٥)دا بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی (حزبی کرێکارانی سۆشیال دیموکرات لە ڕووسیا) سەبارەت بە جەنگی جیهانی یەکەم، نووسیوێتی، دەبێت "سۆسیالیستەکان هەمیشە شتێی نێوان وەک کردەوەی بەربەری و وەحشی، ئیدانە کردووە. بەڵام هەڵوێستی ئەمە لە حزب سەبارەت بە شتە لە ڕووی پرەنسیپەوە جیاوازە لە هەڵوێستی

بەرژوا ئاشتیخوازەکان (لایەنگر و داکۆکیکارانی ئاشتی) و ئەنارکیستەکان. ئەمە جیاوازین لە یەکەمیان لەوەدا کە ئەمە درک بەو پێوەندییە حەتمییەی نێوان شۆڕشگێڕان و ململانێی چینایەتی لە ناو وڵاتدا دەکەین، درک بەوە دەکەین کە بە نەهێشتنی چینەکان و بە دامەزراندنی سۆسیالیزم، نەهێشتنی شۆڕشگێڕان مەحاڵە..... و ئەمەی مارکسیستەکان جیاوازین لە ئاشتیخوازان و ئەنارکیستەکان لەوەی کە دان دەنێین بە پێویستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە (دراسة) لە هەر شتێک بە جیا و لە ڕووی مێژووییەوە (لە ڕوانگەی ماتریالیزمی دیالکتیکی مارکسەوە) ". [illegible]

ئایا دەکرێت لەدوانێکی واقیعیتر لەوە هەبێت کە بە سەردەمی ئەمەش بگونجێت؟ دوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەد و دە ساڵ، هێشتا جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شاهیدی شۆڕشگێڕییە، "لەپەناو پاراستنی دەستکردی سەرمایەداری" و بەهەی دواکەوتنی سەرهەڵدانی شۆڕشی سۆسیالیستی جیهانیەوە.

پیم وایە ئەم قسانەی لینین گوزارشت لە تایبەتمەندییە ئابووریە جەوهەرییەکانی ئۆشتانە دەکەن کە ئێستا ووددەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەبارەت بە ململانێ جیۆپۆلەتیکی و سەربازی و جیۆ-ئابووریەکان. بگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئۆو سەردەمەی کە تێیدا دەژین و گۆشەندنی زۆبەلاحی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی هاوچەرخ، و گۆشەی سەرمایەی دارایی جیهانی بە پۆوەری ترلیۆنی کە ڕۆژێکی هاندەرانەی قازانج بە وەبەرهێنان نادەزنەوە، و گۆشەندنی کارەکتەری مشخۆریی سەرمایەداریی هاوچەرخ تا ئۆوپەڕی، و تۆندوتیژبوونەوی ناکۆکییە چینایەتییەکانی سەرمایەداری بە

پلەیەکی زۆر زیاتر لە سەردەمی لینین و بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئەوەی کە سەرمایەداری ئەمڕۆ لە هەموو شوێنکی جیهاندا زاڵە، ئەمڕش بەو مانایەی کە سەرمایەداری ئیمپریالیستی وتار و ڕایەکانی سەرمایە لەیەکتر ئاڵاون و درژ بوونەوتەوە بە سەر هەموو گەی زەویدا.

شتە جەوهەرییەکە ئەوەیە کە شەی بەردەوامی ناوچەی تەزهەراتی ناوەڕاست سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازییانە، لە شیکاری کۆتایدا شەی هەزی چینایەتی سەرمایەدارییە و شەی سەرمایەن کە پرۆلیتاریاکانی ناوچەکە فەڕە دەدەنە بەرەکانی شەڕ بە کوشتنی یەکتر لە پرۆلیتاریای نەتەوە و مەزهەبەکانی تر، و یان لە چوارچێوەی هەمان وڵاتدا. ئەم شەڕانە شەڕ و کەمەکوژییەکانی میلیشیا و هێزە تیرۆریستییەکانە کە بەردەوام بە وەکالەت ئەنجامی ئەدەن، بە مەبەستی دابەشکردنی ناوچەکانی نفوزی سەرمایەی وڵاتانی جەراوجەری سەرمایەداری ئیمپریالیستی و سەرمایەداری ناوچەیی، و شەی حیزب و بزوتنەوە بەرژوازییەکانن کە مەتەکەن بەسەر سنگی جەماوەرەوە و دڕندەترین و تاوانبارترین نوێنەرانی سەرمایەن.

خەباتی چینایەتی پرۆلیتاری دژ بە دەسەڵاتی سەرمایە و هێزموون و کۆنترۆڵکردنی سەرمایەداریی ئیمپریالیستی و وڵاتانی سەرمایەداری ڕووی لە هەڵکشان لە ناوچەکەدا بەسەر ژیان و چارەنوسی پرۆلیتاریاوە لەم وڵاتانەدا، نەوەستاوە، لە هەمانکاتدا هەوڵەکان بە ڕاگەگرتن و خنکاندنی هەر گەشە و گەشەسەندنکی چینایەتی لە بزووتنەوەی سۆسیالیستیدا، لە ڕاگەی ڕاکخستنی کەمەکۆژی و تیرۆر و لەسەدارەدان هەمیشە توخمکی بنەڕەتی بووە لە ستراتیژی سەرمایە لە ناوچەکەدا، وهەروەها ستراتیژی سەرمایەداری ئیمپریالیستی جیهانی.

وەک ئەمڕیە کە نەوە لە دوای نەوە لە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکە شاهیدی بوون، هەر لە خنکاندنی شەشی ئێران لە ساڵی (۱۹۷۹) و هەڵکشانی هێزەکانی دژە شەشی ئیسلامی بە دەسەڵات بە پشتیوانی تەواوی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا، تا خنکاندنی ڕاپەڕینە شەشگێڕییەکانی ناوچەکە لە ساڵی (۲۰۱۱)، و لەباربردنی بزووتنەوە و جوڵە شەشگێڕییە سۆسیالیستییەکانی پرۆلیتاریا لە وڵاتانی عەرەبیدا لە ڕاگەی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە لایەن هێزە ناسیۆنالیستی و فاشیستەکانی وەک ناسریەکان و بەعسیەکان و ئەوانی تر.

ئەجندە و سیاسەتی ئەنترناسیۆنالیستی و سۆسیالیستی بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن، و بەرامبەر ئەوەی لە سوریا ڕوویدا و ئەوەی کە ئەمڕ شاهیدی دەبین سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ناوچەکە، بەرزکردنەوەی ئاڵای سۆشیالیزمی

ئینترناسیونالیستییە بەهموو پێگیریەکەوە بەرامبەر ئەم هەموو کەمکوژی و هەژاری و ئاوارەبوونە. هەر ئەمەش ئەوە ئەخوازێ کە بەتەواوی و ئەرکێکی فەوری کە قابیلی دواخستن نەبێت لایەن مارکسیست و کەمونیستە شۆڕشگێڕەکان و چالاکەوانە هەشیارەکانی ئەستای بزووتنەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشانی جەماوەریی بە یەک وشە، پابەندبوون بە هەڵەی کەمونیستی شۆڕشگێڕ و سۆسیالیزمی پرۆلیتاری ئینترناسیونالستییەوە، هوانگە و تیۆری و سیاسەت و پراکتیکی شۆڕشگێڕانەی ئاستقینەیە کە دەتوانێت ببێتە بزووتنەوەی ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی لەم ناوچەیەدا بکاتەوە.

٢٤ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤

- لينين- المختارات في 10 مجلدات- المجلد 5 -موسكو- دار التقدم 1976

** هەمان سەرچاوەی سەرەوە

کاریگەری قەیرانی ئابووری ئێران لەسەر عێراق.. عوسمانی حاجی مارف

تاران بەدوای هێرشی ژەمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ هێوی کردە بەغدا، بەجیا لەوەی بە ئامانجی دامەزراندنی پێگەو نفوزی سیاسی کەماری ئیسلامی بوو لە چەژهەناتی ناوەڕاستدا لەباری ئابوریەوە لە هەوەڵی ئەوەدا بوو قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە تووشی هاتبوو لە ئاکامی زنجیرەیەک سزاوە کە لە لایەن کەمەگەی نێودەوڵەتیەوە بەسەریدا سەپێندرابوو ، لە سەر دەسەی بە بارمتەکردنی دیپلۆماتکارە ئەمریکیەکان کە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران، دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەستبەسەر کرابون.

لەهانکاتدا ئاو سزایان و جەنگی هشت سالەی ئیران- عیراق و ناڕەزایەتی جەماوەری.. ئیرانی دەرگیری قەیرانی گەورەی ئابووری کردبوو، ئەم هاوکردنەی کەماری ئیسلامی بە بەغدا بەتایبەتی دوای ئاوەدەت کە گروپە نزیکەکانی ئیران دوای هاوخانی حکومەتی سەدام گەیشتنە پستی سەرکردایەتی لە حکومەتی عیراقدا. هەرزوو ئیران ئاو هەلەی قستاوەو هەموو قورسایی بازرگانی خەی ئاراستەی عیراق کرد، سنورەکانی عیراقی ئاوەاکردو بازاەکانی عیراقی پەکرد لە بەرهەمە هەرزانەکانی خەی.

تاوەگلانی ئیران لە شەکی درێژخایەندا لەگەڵ عیراق زیانەکانی بە ٤٠٠ ملیار دەلار مەزەندە کراوە، هەروەها ئاوسزایانەش کە بەپەی فەرمانی (١٢١٧٠)* لە ساڵی ١٩٧٩سەپەندراون بوونە هەی هاگرتنی سامانی ئیران بە بەهای ١٢ ملیار دەلار لەلایەن ئەمریکاوە.

ئاوەی شایانی باسە لە ماوەی ٤٠ ساڵی هابردوودا بەشاوەیەکی پچەپچە سزا بەسەر ئیراندا سەپەنراوە، ئەمەش بەگوەڕەی ئاو پەگەیەی کەماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بەدەستی هێنابوو، کە ململانێ و مامەڵەی ئەمریکا و ووڵاتانی دەوروبەری پەدەکرد. لە هەمانکاتدا بەهەی بەرنامە ئەتەمیەکەی و پشتیوانیکردنی بە ئاو گروپانەی کە وەک تیرەریست دەستنیشان کراون. دواین سزا لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ لەلایەن یەکەتیی ئەوروپاوە سەپەندرا، ئاوەش بەهەی پاپشتیکردنی بوو بە هاوسیا لە جەنگی دژ بە ئۆکرانیا.

بەردەوامی کارەکانی ئیران لەبارەی دەسیە ئەتەمیەکەی بووەهەی زیادبوونی سزاکانی سەری، دوای هاوخانی ژەمی سەدام، ئیران توانی ئاو هەلە بقەزەتەوە کە نفوزی خەی لە عیراق دامەزرەنەت و هاوبەدات بە شەک لە زیانەکانی قەرەبوکاتەوە، هەبەتە تەکچونی ئابووری ئیران بووە هەی دامانەکی سەرسوهێنەری تمانی ئیرانی، کە گەیشتە نزمترین ئاستی خەی، بەجەرەک نرخی ئاوگەی دراو گەیشتە هەشتا هەزار تمەن بە هەر دەلارەک. ئەمەش لە بازاەی ناوخەیدا لەماوەی درێژخایەندا بووەهەی هەاوسانی دارایی لە ئەنجامی بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخی کاا و خزمەتگوزاریەکان، هەروەها کاردانەوەی کەمەایەتی بەهەی تەکچوونی ئابووریەوە هەبووە، دیارترینیان بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکاری و نەداری و هەژاریە لە ناوخەی ئیراندا، هەروەها ئەم دەخە بووە هەکاری باوبونەوەو بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەندەڵی.

ئەم گەمارۆیانە ئیرانیان ناچارکردوە کەگا نایاساییکان

بگرتەبەر بە ڕزگاربون لەو قەیرانەی دەرگیری بووە، پەنای بە پێکهێنانی چەندین قەوارە و کەمپانیای خەیاڵی لە عێراقدا بردووە، بڕێکی زۆر دۆلاری لە ڕێگەی بەشێک لە بانکەکان و بانکی ناوەندی عێراقەوە بە ئێران گواستۆتەوە، لەم بارەیەوە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٣دا فشاری خستووەتەسەر بانکی ناوەندی عێراق بە تووندکردنەوەی ڕێکارەکان لەگەڵ ئەو بانکانەی کە پارەی ئەو قەوارانەیان دابینکردووە.

تاران بە ساڵی ٢٠٢٤ باسی لە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران بە ٢٠ملیار دۆلار مەزەندە کردوە. ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕە بازرگانیە کەشێی بە عێراق دروستکردوە، چونکە ئێران فرۆشتن بە تەمەن و دیناری عێراقی قبوڵ ناکات و بەدۆلار مامەڵە دەکات، دەیەوێت بەدۆلار بازرگانی دەرەکی خۆی بەڕێوەببات، پاڵ بە بازرگانانەوە دەنێت کە پەنا بە بازاڕی ڕەش ببەن بە دەستبەرکردنی دۆلار.

پرسەی گەیاندنی دۆلار بە بازرگانانی ئێرانی لە عێراقەوە پاڵی بە بازرگانەکانەوە ناوە بە بەکارهێنانی شێوازی نایاسایی وەک "ئەپەراسیۆنی قاچاخچێتی و شێوازی نافەرمی"، بەتایبەتی کە نزیکەی ٢٠ دەروازە لە نێوان عێراق و ئێراندا هەیە، کە هەندێکیان لە ژێر چاودێری حکومەتدا نین، ئێران هەناردەی غەیرە نەوتی بە عێراق زیاد کردووە و بە سوودوەرگرتن لەو سنورەی کە درێژدەبێتەوە بە زیاتر لە ١٢٠٠ کم.

ئەپەراسیۆنی قاچاخچێتی بە هەموو جۆرەکانیەوە وەک قاچاخچێتی بە دۆلار لە ڕێگەی دەروازە نافەرمیەکانەوە بەردەوامە، سەرچاوەی ئەو هەوڵە زۆرانەی کەدەسەاتدارانی عێراق داویانە بە کۆنترۆڵکردنی قاچاخ بە دۆلار، بەڵام تائێستا کۆنترۆڵ نەکراوە.

پێوەندینەگرتنی عێراق بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و کۆنترۆڵنەکردنی سنورەکان وایکردووە ببێتە ئامانجێکی ئاسان بۆ کەمپانیا ئێرانیەکان تا بەسانسەر وبەرهەمنان بکەن، هەروەها بازاڕەکانی عێراقیان بۆ بەرهەمەکانیان پڕکردوە، لەهەمانکاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق نەتوانێ بەرگری لە بەرهەمە ناوخێیەکانی بکات بۆ وەستانەوە بەرامبەر وەاتانی دەرەوەدا.

دابینکردنی غاز بۆ عێراق بۆ بەرهەمهێنانی ٨٠٠ مێگاوات کارەبا ئەمە پرسێیکە بەڕێکی زۆری دراوی قورس "عملە صعبە" بۆ تاران دابین کردووە، ئێران سوودمەند بووە لە "بازرگانی بازاڕی ڕەش" وەک

سەرچاوەیەکی دیکە بە دەستکەوتنی دراوی قورس، سەرەڕای فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بۆ بەقاچاخ بردنی پارە بە دەرەوەی وڵات. هەروەها ئێران توانی بازاڕی کاری عێراقی بقۆزێتەوە بە بەدەستهێنانی دراوی قورس، بە دابینکردنی ناردنی هەزاران کرێکاری ئێرانی بۆ عێراق، لە کاتێکدا فەرمی و نافەرمیەوە.

لەهەمانکاتدا ئێران پەنای بۆ بازرگانی چەکیش بردووە بۆ دەستبەرکردنی دراوی قورس، لەگەڵ ئامادەبوونی گروپە چەکدارە دەسزەکانی خۆی کە لە عێراق، یەمەن، سوریا و لوبنانن، هەروەها مامەڵەی لەگەڵ ووسیاش کردووە، کە فۆکەی بۆفۆکەوانی بۆ دابین کردوو بەملیۆنان دۆلار سودی لێوەرگرتوە.

بەهام ئێوەی جێگای سەرنجە بۆچیا لێوەی قەیرانی ئابووری ئێران کاریگەری لەسەر عێراق داناوە، لەلایەک لەباری ئابوریەوە بۆچەرک لەکاتێکدا باڵادەستی سیاسی بەسەر پێکهاتەی حکومەتی عێراقدا، جگە لە پاشکەکردنی حکومەتەکان بە ژێر هەژمونی کەماری ئیسلامی توانیویەتی بازاڕێکی کراوە دابین بکات، لەلایەکی ترەوە پێگەیەکی نفوزی سەربازی و سیاسی لە هەزەکانی حەشدی شەعبی دامەزراندوو کاریگەری زۆری لەسەر ناجێگیری دەخی ئابووری و سیاسی و نەبونی ئاسایش لەسەر عێراق داناوە.

دەتوانین بڵێین لە ساڵی ٢٠٠٣وە عێراق بۆتە مەیدانێک بۆ ئێران توانیویەتی وەک قۆناغێک لەبەرامبەر قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانیدا بەکاری بهێنێت، لەهەمانکاتدا جێگاو پێگەیەک بۆخۆی و بۆ ململانێ لەگەڵ بەرامبەر دەقیبەکانیدا پەیدابکات، لەهەمانکاتدا وەک بەرەیەکی پێشەوەی هەرشی شێعی بەکاری بهێنێت، هەر بۆیە توانیویەتی ڕۆڵی سەرەکی لە دەخی نائارامی عێراقدا هەبێت.

ئاوگرتنەکانی ئەم دواییە لە هێڕشەکانی ناوەڕاستدا، بۆتایبەتی بەدوای ڕوخانی ئەسەد، کەماری ئیسلامی ئێرانی تەواو خستە بەردەم دوویانێکی ترەوە لە پاشکشەی ئەو پێگەو نفوزەی بەکاری دەهێنا، بۆتایبەتی لەدەستدانی ئەو هەژمونی و نفوزەی لە ناوچەکەدا بەدەستی هێنابوو، کە ئێرانیی خستبۆتە دەورانێکەوە ئێگەری ئەوەی لەبەردەمدایە، عێراقیش لە نەو ئەو ململانێ و بارگرژیانەدا لەدەست بدات، ئەمەش حاڵەتێکی نەگونجاوتر بۆ باری زیادبونی قەیرانی ئابووری و سیاسی بۆ ئێران دەنێتە پشەوە، ئێگەری لەدەستدانی عێراقیکیش کە چەندین ساڵە قەیرانکانی پێ پێنەدەکات ، بۆتایبەتی لە ئێگەری جێکەوتنی پرۆژە ئابووری و سیاسیەکانی تورکیا کەخەریکە

لە عەرقدا جگای ئێران دگرتەوە، پەدچێت لە دەخکی وەهادا کەماری ئیسلامی ئێران دکووتە بەردەم قیرانکی بنبەست و سەختروە!.

_____

*چەند وەاتک کەمەک سزایان بەسەر ئێراندا سپاندووە، بەتایبەتی ئەمریکا و قەوارە نودووەتیکان. ئەمریکا یەکەم سزای خی بەسەر ئێراندا سپاند لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ دوای ئەوی کەمەک خوندکار دستیان بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران گرت. ئەو سزایانەی کە بەپێی فەرمانی جێبەجێکاری ١٢١٧٠ سپێندراون بریتی بوون لە بەستنی نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار لە سەروەت و سامانی ئێران، لەوانەش پارەی بانکی و زێڕ و موک و ماڵی دیکە و سپاندنی گەمارۆی ئابووری. ئەم سزایانە لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٨١ دوای واژەکردنی ڕێککەوتننامەی جزائیر هێگیرا کە تێیدا ئەمریکا موزایەدەی ئازادکردنی بارمتەکانی کرد.


ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٧ لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان خولی دووەمی سزاکانی بەسەر ئێراندا سپاندەوە بەهۆی کردەوەکانی ئێران لە ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٧ لە دژی ئەمریکا و دەوڵەتانی کەنداو، هەروەها پشتیوانیکانی لە تیرۆر. ئەم سزایانە لە ساڵی ١٩٩٥ توندتر کران بە ئەوی ئەو دامەزراوانەش بگرتەوە کە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ئێران دکەن.

لە چلەی ماتەمینی هونەرمەند زایەر عەبدوڵا دا.. کامەران حاجی ئەلیاس

کاتێ باس لە هونەری شانۆ درامای کوردی دکەین ناکرێت ناوی هونەرمەند" زایەر عەبدوڵا" لەریزی ئەو هونەرمەندە نەبێت کە لە پێشرەوانی شانۆ و درامای کوردیدا هەژمار دکرێن ..ئەو هونەرمەندکی بلیمەت نووسەرکی لێهاتوو مرۆڤك تا سەر ئێسقان

نیشتیمان پەروەر عشقی کوردستان عشقبازی تێراوە بوو..زایەر خاوەن بەهرەیەکی فرە رەهەند بوو توانی لە رێگەی ماندووبوونکی زۆرخی پەیگەیەنێت لە هەر کارێکی هونەری (شانۆ و دراما)دا کە بەشداری کردوە بوونی خۆی سەلماندووەو داهێنانی لە بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکەی خۆی کردووە .. بۆیە زۆرێك لە هونەرمەندان خولیاو هیوایان دەخواست کاری لەگەڵ بکەن.. منیش وەکو هەرهونەرمەندێك ،حەزوو ئارەزووی ئەوەم هەبوو لە کارێکی هونەری لەگەڵیا بەشداربم.. بۆیە لە ساڵی 20008 لەمیانی دووەمین فیستیڤاڵی سانەی شاری هەولێر کە بە بۆنەی 11ی ئادار و ڕاپەرینی جەماوەری شاری هەولێری ساڵی 1991 ساز دەکرێت، لە کارێکی شانۆیی بەناوی (پانۆرامای شارەکەم) کەباس لە مەژووی شاری هەولێری دەکرد لە نووسینی ودەرهێنانی هونەرمەند" هیوا سوعاد"بوو بەندەش لەگەڵ کەمەڵێك لە هونەرمەندە ناودارەکانی شاری هەولێر وەکو (سەلام کەیی،جەلال بەیار ،عەلی ئەحمەد ،ئیبراهیم حەکیم ،تارق ئاکرەیی، ئەنوەر عزیز.. بەشداری بووین بۆیە لەڕۆژانی پڕەڤ و ڕۆژی نمایشیش ئەو هەمیشە بە قسەخۆشکانی و هەڵس و کەوتکانی هەمیشەجیاواز بوو.
لە کارێکی تری شانۆیی کە بەناوی (لەدایك بوون) لە نووسینی کاکە "زایەر عەبدوڵا" وە لە دەرهێنانی هونەرمەند(حەسیب قەرچوغی"بوو لە ساڵی 1995 لە میانی فیستیڤاڵی پەیمانگەی هونەرجوانکانی هەولێر بەشی شانۆ نمایش کرا بەندە وەکو ئەکتەر لەگەڵ کەمەڵێ لە مامۆستا و قوتابیانی پەیمانگا لەبەشدار بووم..کاکە زایەر لە میانی ڕۆژانی پڕەڤکردنی چەندین جار سەردانی کردین زۆرجار وەکو نووسەری شانۆگەرییەکە لە هەمان کاتدا وەکو هونەرمەندێکیش تێبینییەکانی خۆی لە پەناو سەرکەوتنی نمایشەکە دەخستە ڕوو.. بۆیە هەمیشەلەیادووەریمان بە نەمری دەمێنتەوە.
لە چلەی ئەم هونەرمەندە حەزدەکەم باس لە هونەرمەند و نووسەر زایەر عەبدوڵا و شاری ڕاوەندز بکەم کەلەوانیە بەشێك لەئەوەی ئازیز زانیاریتان نەبێت کە هونەرمەند کاکە زایەر بەشێك لەژیانی لە ساڵەکانی حەفتایەکانی سەدەی ڕابردوو لە شاری ڕاوەندز بووە.. هەربۆیە لە دانیشتنەکم لەگەڵ کەچکردوو هونەرمەند زایەر عەبدوڵا سەرەتا پرسیاری ئەو کەمەڵێچیرەکانەم لەکرد لە ساڵانی زوو بە ناوی (خەرمانە) بەڕاویکردبوویەو ڕاستییەکەی وەکو ڕاوەندزییەك ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام مانشێتەکە بوو(خەرمانە) لەم پرسی بۆچی مانشێتی (خەرمانە)ت هەڵبژرادوە بە ئەوکەمەڵێ چیرەکە ئەو لەوڵامدا گووتی" بەهەی ئەوەی باوکم لەساڵانی حەفتایەکان شۆفێری هەڵی ڕاوەندز – هەولێر کاری دەکرد ئەمە تەکەڵاوەکی زەرمان لەگەڵ ڕاوەندزییەکان هەبوو بۆیە ڕاوەندز بەگشتی خەرمانیدش بەتایبەتی دیمانەکی جوان و

دەفرێن بووە وەکو وەفایەک بۆ شارەکەوخەڵکەکەی بەباشم زانی ئەوکەمە چیرۆکی بەناوکردوە ناوی لێبنێم (خەرمانە)".
لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاگەر چەندین کتێب لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە بنووسین هەشتا تەواو نابێت.. سەدحەیف و مخابن لە کاکە زایەری هونەرمەند و نووسەر و میدکار .. کە زۆری لە هەگبەدا مابوو لە خودای گەورە دەپارێمەوە بەبەهەشتی خۆی شاد بکات .





دزینی ووتار.. نەوزاد بەندی

هەموومان ، نوسینمان لەرە و لەوە ، براوە .. شیعرمان فڕێنراوە .. ئیتر لە کەمەڵگایەکی سەیردا ئەژین ، تەنانەت یەکێک لەو ماعیرانەی کە شیعری بەندەی بردبوو بەناوی خۆیەوە لە پەیج و ڤیستفاڵەکاندا خوێندبوویەوە ، پێم ووت : (بۆچی شیعری منت دزیوە ؟)
پێی ووتم : (خۆ شیعری تۆ قورئان نییە !! بە دڵم بوو بردم !!)
ئاخر وەڵامی چی دەدەیتەوە ؟؟
هەر ئەوەندە پێم ووت پێشیمانم کە دانەیەک لە دیوانە شیعرییەکەم پێشکەش کردووی ، هەر ئێستا بیدەڵێ و بیکەرە تەنەکەی خەڵکەکەتەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر نەیاندزیت !
لەم ڕۆژانەیشدا شتێکی سەیر ڕووی دا ، هاوڕێیەکم ڤیدیۆیەکی بۆ ناردم ، براڵێیەک بۆ ناوی بەرزانەوە ، بابەتێکی وەرگێڕاوی بەندە دەخوێنێتەوە لەسەر میرزا ئەدیب ، ئەو شاعیرە پاکستانییەی کە دزێک گیرفانی ئەبێت ، کە ئەبینە تەنها نە ڕوپیەی پێیە و بۆ تەمایە بینەرە بۆ دایکی بۆ داوای لێبوردنەوە کە پارەیەکی کەم بەنام بۆ هەی لە دەستدانی ئیشکەیەوە ناچار بووە ئەو بڕە کەمەی بۆ بنێرە ، دزێکە غیرەت ئەیگرێ و ..41 ڕوپیی خەی ئاخاتە سەر 9 هەپەکە و ئەینێرە بۆ دایکی میرزا ئەمین ..هەتا دوایی ..
ئەم بابەتەم بەناوی دزی شەریف و نیشتمانفرۆشی دز ، لە مانگی ئابی 2024 لە پەیجی دەنگەکاندا بڵاو کردەتەوە کە لە ڕاستیدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرمگێڕا بوو ..
ئەو بەرزانە بابەتەکەم بۆ هەڵە و شەواویەوە ئاخوێنەتەوە ، بۆ نمونە من وتووم : (میرزا ئەدیب کە لە ساڵی 1999 کەچی دوایی کردووە …) ئەو ئەڵێ : (میرزا ئەدیب لە ساڵی 1999 لە یەکێک لە کتێبەکانیدا ئەڵێ ..!!)
بەم دڕخە سەرسام نەبووم ، شتێکی ئاسایی ، وەاتێک دز فەرمانڕەوایی بکات ، بگومان دزیی ئەبێتە پیشەیەکی بەرز و شاهانە ، وەک چینییەکان ئەڵێن فەرمانڕەوا هەر هیوایەت و حەزێکی هەبێ ، ئەو هیوایەت و حەزە لەناو هاووڵاتیانەدا دەبێتە جێی بایەخ و گرنگیپێدان ..بەڵام ئەوەی وای لێکردم ئەم چەند دێڕە بنووسم ئەوە بوو ، چۆن ئەو براڵێیە ڕەی بەخێیداوە بابەتێک کە باسی دزی شەریف و نیشتمانفرۆشی دز ئەکا ، ببات و بۆ ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە

?? بۆ بۆی ئەوە ئەم بابەتە فڕێدان کەس وریگرێت؟ نا ..
هەروەک ئەوەی خۆی لەگەڵ میرزا ئەدیبا بووبێت بۆ جارێ باوی
کردووە ..ئەویش لینکی ڤیدیۆکەی ئاو و بابەتەکەی بۆندیە :

https://www.facebook.com/share/v/1H32HsGYFj/?mibextid=D5vuiz

[illegible]

گەمەی ملیشیا چەکدارەکان لە عێراقی کۆماری و فیدرالیدا..
کەریم قادر

لەدوای هووخانی سیستمی پاشایەتی و هاگیاندنی سیستمی کۆماری، هەر لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمی یەکەم سەرکۆماردا تا بەئێستا دەگات، لەعێراق هەر جارێ بە بیانوویەک لەپاڵ سوپادا ملیشیای چەکدار دروستکراوە. پاساوەکانی دروستکردنی ئەو ملیشیانە کە لەلایەن دەسەڵات دەهێنرانەوە، هەرچیەک بووبێت، بەڵێی یەکەم بە پاراستنی دەسەڵات و کۆنترۆکردن و بەدەنگکردنی شەقام بووە، چونکە هەرهەموویان بە جیاکاری بەرانبەر نزیارانی دەسەڵات، یان ئەوەی پێی دەگوترێ ئۆپۆزیسیۆن؛ ستەمکاربوونە و خۆشیان لەسەرووی سوپا دەبینی و پێیانوابوو هیچ هێزێک ناتوانێت بیانهەژێنێ، وەک ئەوەی چەکدارە هاوسەزەکانی قاسم دەیانگوتەوە؛ "تا پێت هەبێت، کەس ناتوانێ حکومەت بووخێنێ"، بەڵام ئەوەتە لە زەوینەی واقیع هیچ یەکێک لە ملیشیا چەکدارەکانی پاڵ سوپا نەماون، بەجگە لە حەشدی شەعبی کە نەمانی، یان هەوشانەوەی گووشارێکی زۆری لەسەرە بۆپاساوی ئەوەی " دەبێت چەک تەنیا بەدەستی دەوڵەتەوە" بێت.
لەم سەنگەوە بابەتی گەمەی ملیشیا چەکدارەکان دەخوازێ بەکورتی هەم باس لە هەکاری دروستکردنیان، هەم باس لەپاساو و هەڵوێستی هاوشێوەکان و هەوشانەوەیان بکەین کە دوجار دەسەڵات بەهەکارگرتنیک خۆی ناچار دەبێت، بەیاری هەوشانەویان بدات، یان

زۆینەی هەوشاندنەوەیان بەخسێنە، تا نانەت هەندێ لەسەرانیشیان دەستگیر بکات و بداتە دادگا بۆئەوەی بە سزای خۆیان بگەن.

پارێزەرانی شۆرش (حماية الثورة).

دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم بەیارمەتی چەند ئەفسەرێک کە خۆیان بۆئازادیخواز دەناساند و لەبنەڕەتدا لە تەکنۆکراتێک لە چەپ و ناسیونالیست و شۆڤینی پێکهاتبوو، کودەتای سەربازی بەسەر ژێمی پاشایەتی کرد و سەرکەوت، هەرزوو حزبی شیوعی عێراقی خۆی لەو کودەتایە بەخاوەن کرد و بەشێشی ١٤ی تەموزی ناوزەد کرد. سەرەتا یەکەم سەرکەماری عێراق چەند کارێکی سیاسی و خزمەتگوزاری دروستی هەم لەبارەی پێناسەکردنی عێراق، هەم بە هاووڵاتیان ئەنجامدا، بەڵام لەبەرئەوەی عێراق بەسروشتی دانەمەزراوە، بەکو بەرهەمی خوێن و لەکدانی سێ ویلایەتی تایبەتمەند جودابووە، بۆیە گشت حزب و حوکمڕانەکانی ئەوندەی بەتەنگ تێکۆشان و قایمکردنی پێگەی خۆیان بوونە، ئەوندە بەتەنگ خزمەتکردنی گەلان عێراقێکی تەبا لەناوخۆدا نەبوونە، هەر بۆیە بە یەکێک لەو وڵاتانە هەژمار دەکرێ کە زەرترین کودەتای سەربازی تێیدا ئەنجامدراوە.

ساڵی ١٩٥٩ حزبی شیوعی عێراقی ملیشیایەکی دەستکراوەی چەکداری بەناوی پارێزەرانی شۆرش دروستکرد، بە حەز و ئارەزووی خۆی بۆئەوەی بە دەزگای پۆلیس، یان سوپا بگوترێن، بازگەی دادنا و خەڵکی دەستگیر دەکرد و دەکوشت، تا نانەت هەڵسوکەوتیان بەمنەتکانی وایکردبوو لەلایەن چەند لایەنگرێکەوە گومانی لێ بکرێ کە ئۆگەر هەیە بە تەبزی و بە زەبری هەز دەستات لە دەست قاسم دەربهێنن.

کاتێک یەکەم سەرکەمار، جێ پێی خۆی قایمکرد، تاادەیەک کارەباشکانی، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندیان بە یاسای چاکسازی کشتوکاڵ و دابیکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەخۆایکردنی خوێندن هەبوو، لەگەڵ ئەو دروشمەوە "ماکو زعیم إلاّ کریم" ئەویان کردبوو بە "الزعیم الأوحد"، ئەویش مرۆڤ بە بایەک بە هەڵکەسما دەکەوە، ئیدی بە پاراستنی دەستاتکی هەندێ پەویستی بە شیوعیەکان و هاوبەشکانی نەمابوو، بەکو زیاتر کاری بە ئاگرتنی دژی ناحەزانی دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی چاویان لە دەستات بوو، سەرەتا لە کەنیسەیەک لە گەڕەکی کەادەی شەرقی وتارێکی ئاگرینی دژ بە چەکدارانی پارێزەرانی شۆرش دا و خۆی لەو ملیشیایە بەبەری کرد، تا نانەت سەرکەنەی هەڵسوکەوتیەکانیشی کردن کە لە مووسڵ و کەرکووک دژ بە خەڵکیان ئەنجامدابوو. ئیدی ئاودوونان و دەستگیرکردنی چەکدارانی حیمایەی شۆرش دەستی پێکرد و ئادەستی نزیکترین بنکەکانی پۆلیش دەکران بۆئەوەی لەسەر هەڵسوکەوتیان سزای خۆیان وەربگرن، بەڵام سیاسەتی دژاگرتنی نیارەکانی نەبووە

هەی ئەوەی ناحەزەکانی کار بە لادان و ڕووخانی نەکەنەوە، ئیدی ئەوەبووو لەگەکوتەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لەلایەن بەعسی و ناسیونالیستەکانەوە، چەن ئەو بنەماڵە و دەستوپێوەندەکانی پاشای عێراقی خەتانی خوێن کرد، ئەوانیش ئەویان لە خوێن گەوزاند کە ئەو لەخوێنگەوزاندنە تەمارەکی کەنی عێراقیانە، دواتریش بەی لە خەیان دەدەن.

حەرەس قەومی

لەدوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، لەپەناو بەهێزکردنی دەسەڵات بەسەر شەقامی عێراقی، لەپاڵ سوپا ملیشیایەکی چەکدار بەناوی حەرەس قەومی لەلایەن بەعسییەکان هاتە دامەزراندن. لە گەکوتی ١٨ی ئایاری ١٩٦٣ بە دەرکردنی بەیاری ٣٥ی ساڵی١٩٦٣ (ئەو بەیارە لە ١٤ ماددە پێکهاتووە و لەژمارە 809 ی ڕۆژی 2 -6 -1963 لە وەقائیعی عێراقی بەاوکراوەتە) ڕوویەکی یاسایی بەو ملیشیایە درا. کەنترۆڵی جووڵەی ئەو ملیشیا چەکدارییە لەژێر سەرکردەکانی حزبی بەعس بە فەرماندەیی مولازی دووەم مونزر ئەلوندەاوی بوو، دواتر پلەی موقەدەمی پێ بەخشرا.

زۆرینەی چەکدارەکانی ئەو ملیشیایە لە هەرزەکاران و قەبیلەکانی عەرەبی سونە پێکهاتبوو، هاوشێوەی چەکدارانی پارەزەرانی شەش بە حەزو ویستی خەیان بازگەیان دادەنا و هەر کەیەکیان بویستبا دەستگیریان دەکرد و ئەشکەنجەیان دەدا، سەرانەوەرگرتن لە خەڵکی لاشە ببووە کاری ڕۆژانەیان، تەنانەت لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان لەگەڵ ناوچە عەرەبنیشینەکان دەستیان لە کوشتن و داگیرکردنی موڵکومااڵی کورد نەدەپاراست کە لە دەشتی قەراج و کەندەناوی سەر بە پارێزگای هەولێر بەسااڵی فەرهود بەناوبانگە.

گرووپێ ناسیونالیستێ جەراوجەرەکان بەسەرکردایەتی عەبدولسەلام محەمەد عارف کە زۆرینەی کودەتاچییەکانیان پێکدەهێنان و باڵادەستی تەواویان بەسەر سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی عێراقەوە هەبوو، کاتێک بینیان ئەو ملیشیایە هەڕەشە لە پێگەیان دەکەن، لە گەکوتی ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ عارف بە مەبەستی لاوازکردنی کوتلەی ڕاستەی حزبی بەعس، بەیاری کارکەنارکردنی مونز ئەلوندەاوی لە فەرماندەیی حەرەس قەومی دا و لە جێگەیدا عەبدولستار عەبدوللەتیفی دانا.

عەبدولسەلام عارف هەر بەوە نەوەستا، بەکو زەر بە چەی و بایخەوە چاودێری گەفتار و هەڵسوکەوتەکانی حەرەس قەومی دەکرد. سەرەنجام فەرمانی بەسوپا کرد تەوی حەرەس قەومی ببەتەوە، ئەو ئەفسەرانەی سوپا کە لە گەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەو ملیشیایە بەگومان بوون و خەونیان بە لەناوبرنی دەبینی، ئەوارەی ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بە پشتیوانی تانک و زرێپۆشەوە هەیانکوتایە سەر بارەگای گشتی ئەو

ملیشیایە و بە دوای نیوەی ١٨ی مانگ تێزیان پێکرد و زۆربەی سەرکردەکانی حزبی بەعسیان دەستگیرکرد کە ئەحمەد حەسەن بەکر لەسرووبانە بوو. هەر بەم بۆنەیەوە سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٨ی مانگ عەبدولسەلام لە بەیاننامەیەکدا موژدەی لەناوبردنی حەرەس قەومی ڕاگەیاند کە ئەو بە حەرەسی ناقەومی ناوی بردن.

فدائیو سەدام

لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٤ لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی بەعس بگشتی و پێگەی سەدام حوسێن بتایبەتی بە پێشنیازی عودەی سەدام هاتە دامەزراندن، سەرەتا لە ١٠ هەزار تا ٢٥ هەزار کەس پێکهاتبوو، دواتر لە ساڵی ١٩٩٨ ڕێکخراوەکی دی لەو ملیشیا چەکدارە جوداکرایەوە بناوی ئەشبال سەدام (بچکۆ شێرانی سەدام) بەمەبەستی ئامادەکردن و ڕاهێنانی مەردمندالی تەمەن لە ١٠-١٥ ساڵیدا، زیاتریش لە قوتابیانی قۆناغی ناوەندی پێکهاتبوو. ئەم ملیشیایە فیدائیو سەدام لەلایەن عودەی سەرپەرشتی دەکرا و بەشێک نەبوو لە سوپای عێراقی، بەڵکو ڕاستەوخۆ سەر بە سەرکۆماری عێراق بوو و لە ڕێگەی عودەوە فەرمانەکانی لەسەدام حوسێن وەردەگرت. ئەوانە جلوبەرگی ڕەشیان لەبەردەکرد لەسەر قژی ڕاستیان لێگەی فیدائییان دەبەست و لەسەر قژی چەپیش ئاڵای عێراق.

مەبەست لە دامەزراندنی ئەو ملیشیایە، هەرچەندە بناوی بەرگریکردن لە وڵات بوو، بەڵام زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردنی بەغدا و بەرگریکردن لە دەسەڵاتی بەعس بوو، چونکە دوای سەر لەدوونانی سوپای عێراق لە کوەت و بەزاری پڵەدارە باڵاکانی سوپا لە ڕەفتارە دیراسەت نەکراوەکانی سەدام، ئاگاری ڕاپەڕین و کودەتا لە ئارادا هەبوو.

لەسەروبەندی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، ملیشیای فیدائیو سەدام تەکەزیان زیاتر لەسەر بەغدا بوو، بۆ خۆشاردنەوە لە هێزەکانی ئەمریکا جلوبەرگی مەدەنیان لەبەردەکرد و لەپەناوە بناوی مقاوەمەی شەعبی پەلاماری هێزەکانی ئەمریکایان دەدا و بەشداریان لەشەڕی فەلوجەخانە و پردی دیالە و ئەعزەمیە کرد. دواتر خۆیان لەبەر زەبری هێز و ئاگری سوپای ئەمریکا نەگرت و چەکەکانیان فڕێ دەدایە ناو نزیکترین زبڵخانە و خۆیان ڕزگار دەکرد.

حەشدی شەعبی

لە ڕێکەوتی ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ بەیاری زێرینەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستەی حەشدی شەعبی بە هێزێکی نیزامی عێراقی دانرا. بنەمای دامەزراندنی ئەو ملیشیا چەکدارە بە (فتوى الجهاد الكفائي) ڕابەری باڵای نەجەف ئایەتوڵا عەلی سیستانی دەگێڕێتەوە

کە ئووکات ڕووکخراوی تیرۆریستی داعش ووبارەکی فراوانی لەژمارەیەک پارێزگای عێراق لەباکوری بەغدا داگیرکردبوو. واتە مەترسی لەسەر کوتنی بەغدا بە دەستی داعش دروست ببوو. پێکهاتەکەی سەرتایی لە هەندە گروپی چەکداری مەزهەبی شیعە پێکهاتبوو و دەستەی سەرکایەتییەکەی هاوشێوەی حەرەس قومی کە تەنیا لە بەعسیەکان پێکهاتبوو، سەرکردایەتی ملیشیای حەشدی شەعبیش تەنیا لەشیعەمەزهەبەکان پێکهاتووە کە تا ئێستاش هەر لەلایەن سەرکردە شیعەکانەوە سەرکایەتی دەکرێ، بەناوی بانگەوازی دامەزراندنەکەی لەگەڵ دەستوور بەتەوە و هاوشێوەی حەرەس قومی ڕەوایی یاسایی وەربگرێ، لە بگەی سیەمی مادەی یەکەمی یاسای حەشدی شەعبیدا هاتووە: "هێزەکانی حەشدی (شەعبی) لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت، کە گرێنتیکردنی جێبەجێکردنی مادەی (٩)ی دەستوور بێت". سەرەتا ئەو ملیشایە تەنیا لە کۆتایی حزبوڵا، عەسایبی ئەهلی حەق و ڕووکخراوی بەدر و هێزەکانی شەهید سەدر پێکهات، بەناوی دوای فەتواکەی مەرجەعی باڵا فراوانتر بوو، چونکە مەبەستی دیکە لەپشت دامەزراندنیدا هەبوو کە بەپێی زانیارییەکان ئێستا لە ٦٨ گروپی چەکدار پێکهاتووە و لەلایەن هێندە دەوڵەت هەندەک لە گروپەکانی ئەو ملیشیایە بە تیرۆریست هەژمار دەکرێن و هەشبوون ستایشی ڕووکیان دەکرد.

بەوپێیەی بنەمای پێکهێنانی بە فەتواکەی عەلی سیستانی دەگوترێتەوە، بەناوی ڕووفتارە توندوتیژەکانی بەرانبەر پێکهاتەکانی دیکەی ئەو گروپانە مەرجەعی باڵای ناچار کرد ڕاسپاردەیەکی ٢٠ خاڵی دەربکات کە پەیوستە بەگوێرەی ئاکاری ئیسلامی مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەن، بەئەوەی ڕەوایە یاساییەکە لەدەست نەدەن.

هەرچەندە بنەمای پێکهێنانی بە فەتواکە و ووبەووبوونەوەی داعش دەگوترێتەوە، بەڵام کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە بووتە چەکی دەستی ئێران و ئێستا خاوەنی کۆمەڵەک درێن و مووشەکی دەستکردی ئێرانە. لەلەدوانکیدا لەڕووکەوتی ٢٢ی تەمووزی ٢٠١٥ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان یان کۆبیچ ئاماژەی بە ڕۆڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد، بە گوتەی چاودێران ئەوە دانپێنانە بە شەرعیەتی ئەو ملیشیایە. هەروەها لەڕووکەوتی ١٢ی ئاداری ٢٠١٦ کونسوڵی ئەمریکا وەکەر سەردانی نەخشخانەی فەرکاری سەدری لە بەسرا کرد و بریندارانی ئەو ملیشیایەی بەسەرکردەوە و خەڵاتی بە بریندارەکان بەخشی. بەڵام لەلای دیکەوە وەاتانکی عەرەبی هەن ئەو ملیشیایە بە داعشکی دیکە دەبینن و بەهەڵەشەیەکی جدی سەر سەقامگیری ناوچەکەیان دادەنا. وەزیری دەرەوەی ئیمارەتی عەرەبی لەڕووکەوتی ٢٦ی شوباتی ٢٠١٦ لەپرەس کۆنفرانسکی هاوبەشدا

لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ئاماژەی بەوەدا لەگەڵ کە تایەتمەندن بە داعس دەخوازێ کە تایبەتی بە حەشدی شەعبیش بهێندرێت. هەروەها وەزیری دەرەوەی سعودیا لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسان لە پاریس حەشدی شەعبی بە تایفی دانا کە لایەنێکی ئێرانیەوە سەرکردایەتی دەکرێ و بە نانەوەی ئاژاوەی تایفی تەماتبەاری کرد. سەرکۆزیرانی ئیسرائیل لە گفتوگانیدا لە سوچی ڕوسیا ئاماژەی بەدا کە ئێران لەگەڵی حەشدی شەعبیەوە کەنترۆڵی عێراقی کردووە، بەهەمان شێوە سەرکەماری تورکیا لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی جەزیرە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەسف کرد. بەحرەنیش بە هەمانشێوە بە تیرۆریستی دادنێت و دەڵی دەبێت سزای بەسەردا بسەپێنرێ.
ئۆ ملیشیایە، کە گوایە بەپاساوی ڕوبووبوونەوەی داعش دروستکرا، بەڵام لە خەپشاندانەکانی ٢٠١٩-٢٠٢١ دژی لە دامرکاندنەوەی خەپشاندانەکان هەبوو کە بەپێی هەواڵەکان نزیکەی ٧٤٠-١٠٠٠ کەس بە گوللەی ئۆ ملیشیایە کوژارون و زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسیش بریندار بوونە، واتە بووە ئامرازێکی تەقەنەر بەدەست دەسەاتی بەدەنگکردنی دەنگە ناڕازیەکان.
هیومان ڕایتس وۆچ لەڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بە پشتلکاریەکانی ملیشیای حەشدی شەعبی کردووە، بەتایبەتی لەناوچە سونەنشینەکاندا کە هەندێکیان وەک تاوانی جەنگ وان، هەر پێویست بوو پشتلکاریانە سەرکی پشووتری سی ئای ئای دەقید پەتریەس لە لەدوانێکیدا کە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست گواستوویەتیەوە گوتویەتی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی کە لایەنێرانیەوە پشتیوانی دەکرێن لە داعش مەترسیدارترن.
هەر بەگوێرەی تەمارکانی لەبوردنی نوودوەتی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی خێکی سفیلیان فاندووە و ئشکنجەیان داوە، بەتایبەتی لە ڕۆژئاوای تکریت. بەپێی هەواڵەکان ژمارەی تاوانکانی ملیشیکانی حەشدی شەعبی لە ژمارە نایەن، تەنانەت بەجگە لە ڕفاندن و ئشکەنجەدان و تاناکردنی موکومالی خێک و هاوشێوەی چاخکانی ناوڕاست سووتاندنی خێکیشی گرتۆتەوە، بەتایبەتی ئۆ پارچە قیدیۆیەی گەنجێکی ئنباری کە لە ٣١ی مایەی ٢٠١٥ لە ئینترنەت بڵاوبوویەوە، تێیدا دەردکەوە چەکدارکان ئۆ ملیشیایە کە لەگەی کەتایبی ئیمام عەلیان هەگرتبوو، چەن گەنجێک دەسووتنن و لە شیشی دەدەن.
ئەمانە هەمووی بەسەریکەوە و هەستکردن بەوەی بە گیانی هاووڵاتیانی عێراقی و تکدانی ڕۆشی ناوچەکە لە داعش مەترسیدارتر دەبن، لەڕکەوتی ٢٢ی ئابی ٢٠١٩ فەرکەکانی ئەمریکا هەرشیان کردە سەر دامەزراوەکانی کەتایبی حزبوڵا، هەروەها لە ٢٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێنج هەرشی ئاسمانی

کردە سەر دامەزراوەکانی کۆتایی حزبوڵا لە هێزئاوای عێراقدا، ئەم پەلامارەی ئەمریکا وەک سامی بۆئامانجگرتنی یەکەک لە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە کەرکووک بوو. هەر بە دانانی ئاستەک بە جووڵەکانی ئەو ملیشیایە لە ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ لە هەرشەکی ئاسمانی هێزەکانی ئەمریکا لە نزیک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا هەریەک لە ئەبو مەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی، محەمەد رەزا ئەلجابری، بڕیاردەری پەیوەندییە گشتییەکان و قاسم سلەمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی کرایە ئامانج کە تا ئێستاش ساڵانە بە سەرکەنەکردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆئامدبوونی بڕیارسانی باڵای عێراق و سەرکردەکانی ملیشیای حەشدی شەعبی ساڵیادی کوشتنیان دەکرێت و بە شەهید ناوزەدیان دەکرێن.

ئەنجام

لە ئەنجامی خستنەڕووی مێژووی ملیشیا چەکدارەکان لە عێراق هەر لە ساڵی ١٩٥٩وە تا بەئەمڕۆ دەگات، بۆ ئەنجامەدەگەین کە دروستکردنی ئەو ملیشیانە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بۆ پاساوانە نییە کە دامەزرێنەرانی بۆیان هەنیوەتەوە، بەڵکو تاکە مەبەست لێی کۆنترۆڵکردن و بێدەنگکردنی شەقامی عێراقی و دواجار دەسەڵات بەدەستەوە گرتن بووە، وەک ئێستا دەیبینین، هیچ بۆیارێکی حکومەت بە ڕەزامەندی ئەو ملیشیا چەکدارە نادرێت و دەرناچێت، بەڵام لە چوارچێوەی ئیتاری تەنسیق وەک کۆمپارس بە شاردنەوەی ئیملائاتەکانی ئەو ملیشیایە دەخرێتەگەر.

ئێستا لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا گووشارێکی زۆر لەسەر سەرکۆمەزیرانی عێراقە کە ئەم ملیشیایە هەڵوەشێنێتەوە. وەک لەزاری بڕیارسانی فەرمی عێراق بۆاوکراوەتەوە، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا بە ئاشکرا داوای لە سەرکۆمەزیرانی عێراق کردووە، ئەو ملیشیایە هەڵوەشێنێتەوە و دەبێت چەک تەنیا بەدەست دەوڵەتەوە بێت. لەم سەنگەوە بە بەجوونی من باشترین چارەسەر ئەوەیە بە فتوایەکی دیکەی مەرجەعی باڵا بۆپاساوی نەمانی پێویستی بە هێزێکی دیکەی چەکداری لەپاڵ سوپای عێراقی، فەتوای هەڵوەشانەوەی بدرێت، ئیدی ئەوکات دەردەکەوێ کە ئایا ئەو ملیشیایە چەکدارە عێراقییەیان ئێرانییە، چونکە مانەوەی بۆ دەخێ ئێستایانەوە هەرشەیەکی بەردەوام بەسەر عێراق.

هەر بە وەبیرهێنانەوە و تێگەیشتن لەو هەڕەشە بەردەوامەی سەر عێراق، سەرکۆمەزیرانی ئیسرائیل بە ئاشکرا هەڕەشەی کردووە، ئەگەر سنووردار بە سەرکەشیەکانی ئەو ملیشیانە، واتە بە درێژەو مووشەکەکانیەوە دانێرێت کە لەعێراقەوە ئاراستەی ئیسرائیل

دەکرێن، ئامادەیە خاک و خۆیان لە تورگێ بکات. واتە لەناو مالی خۆیان چ دکرێکی بەحەماس و حزبوڵای لوبنان کرد، زەر لەوە خراپتریان پێ بکات.
ئەمانە هەمووی بەسەریکەوە لەگێ لەکۆتکانی ووخانی ژەمی بەسار ئەسەد بەسەر ئێران و ترسی هەزە ناوخۆییەکانی دیکەی شیعە وایکردووە بیر لەگێچارەی هەوشانەوەی بکرێت، چونکە ئێران کە پشتیوانکار و هەسوێنەری سەرەکی ئەو ملیشیایە، بەتام نایەوە بەهەی لەدانی ئەوانەوە شەی ئیسرائیل و ئەمریکا لە سنووریکانی نزیک بکەوێتەوە و پێیشکی بەرکەوێت. چونکە باش دەزانێت، هەر دەبێت ئەو ملیشیایە هەبوەشێتەوە، هەوەشانەوەکەشی یان بە بەیارەکی پاپشت بە بکارهێنانی هەز دەبێت لەلایەن سوپاوە، وەک ئەوەی عەبدولکەریم قاسم بەرانبەر پارەزرانی شەش کردی، یان هاوشوەی بەیارەکەی عەبدولسەلام عارف دژ بە ملیشیا چەکدارەکانی حەرەس قەومی کە لەژەر کۆنترەڵی بەعسیکان بوو، یان پاپشت بەهەزی دەرەکی وەک ئەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ بەرامبەر فیدائیو سەدامی کرد. هەنگێ بکارهێنانی سوپا لە عەراق دژ بە ملیشیکانی حەشدی شەعبی تاادەیەک بەدوور ببینرێ، بەتام ئەگەر هەڵفتاری گەلی عەراق بە نەزەر وەربگرین، هیچ دوور نییە، چونکە عەراق گەلێکە حەزی بە خوەنەشتنە، تا گفتوگێ و سەرکردەکانیشی بە پاراستنی خەیان حەز بە خوەنەشتن دەکەن.
بەتام ملیشیای حەشدی شەعبی لەبەرئەوەی ئێران خەی پەروەردەی کردوون و پێچکی کردوون کە بەداخەوە زەرەک لەو چەکانەی ئەمریکا و هاوپەیمانان بە سوپای عەراقیان دەدا بە شەی دژ بە تیرەریستانی داعش، زەربەی هەرە زەری لە دەست ئەو ملیشیایە بوو بە تانکی ئەبرامزیشەوە کە لەدوای ١٦ی ئۆکتەبەر بە ئامانجی داگیرکردنی هەولێری پایتەخت دژ بە پێشمەرگێ بکارهات.
بەپێی لێکدانەوەی هەواڵکان بەت، عەراق بە هەوەشانەوەیان قایل بووە، تەنانەت دوا سەردانی ئیسماعیل قائانی فەرماندەی سوپای قودس و سەردانی چاوەڕوانکراوی سەرکۆزیرانی عەراق بە تاران پەیوەندی بە شەوازی هەوەشانەوەکە هەیە، چونکە ئێران لەلایەک ناخوازە بە پاساوی لەدانی گرووپێ جەکدارەکانی عەراق شەی لە سنووریکانی نزیک بکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەوە نایەوە ئەو هەزی بەیەکجارەکی لەدەست ببێتەوە. چونکە لەو گەیشتووە کە دوای نەمانی ئەو ملیشیانە ڕاستەوخێ خەی دەبێتە ئامانج، بەیە هەنگێ بەهەموو لایەک(عەراق، ئێران و ئەمریکا) بە پێچەوانەی هەوەشانەوە و لەناوبردنی ملیشیا چەکدارەکانی دیکەی عەراق کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوەن، هەوشوەنەکی نوە لەناو سوپا و دەزگا ئەمنییەکان بە بەشێک لە

چەکدارەکانی ملیشیای حەشدی شەعبی بدەزرێتەوە کە بەهۆیەوەی بە ماوەیەک جارەک لە ئەقرەبی پەیدا ببێت، چونکە بڵای ئەمریکاوە هەڕەشەکان گرنگ نین، بەڵکو ئەوە گرنگە بەجگە لە دەوڵەت هیچ هێزێکی دیکە چەکی بەدەستەوە نەبێت. ئەگەر وەک ئەوەی بۆ چووین چارەسەرەکە نەشیش بسووتێ نە کەباب بێت، دوورنیە ئەو گروپە دەست بەخوێن سووربووانە لە ئایندەدا دەست بەسەر زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی عێراقدا بگرن و خۆیان وەک حزبێکی سیاسی نمایش بکەن. بۆیە نابێت لەو پرسەدا بە لەگەڵەوە دەرهەنای دوەمەکە شەوازی گولاج بەکارهێنان، جگە بە نەشتەرگەری بگرێتەوە.

چالاک.. پشکۆ ناکام

چۆن سەروشت و ڕەنگ و ڕووی کۆمەڵگایەکی دەداو و داتەپیو ئێناسینەوە..؟...

لە وەڵامی ئەم پرسیارەیا نووسەری بە ناوبانگی ڕووسی " ئێنتوان تشیخۆف" ئەڵێ :

لە کۆمەڵگا داوخاوەکانا هەزاران ئەقڵی گەمژە و نەزان بەرامبەر بە یەک ئەقڵی جێی بەوا هەیە ، بەرامبەر بە هەر ووشەیەکی ووشیاریی هەزاران ووشەی ووشک هەڵگراو هەیە ، هەردەم ئەحمەقەکان زیرینەن و ئاقڵەکان ئەبزەنرەن ، گەر بینیت بابێتە هیچ و پووچەکان لە کۆمەڵگایا " باو" بوو و هیچ و پووچەکانیش لە پشەوەی خەڵکەوە بوون ئەوە تۆ کۆمەڵگایەکی یەگجار لەبەر یەک هەڵوەشاو ئەبینی ، بە نموونە ئەو گەرانی و شیعرانەی هەرچی مانایا نیانە خەڵک ئەیڵێنەوە و سەرچەپی بە ئۆگرن و شایری گەرانییەکە ناوبانگ دەرئەکا و خۆشەویست و ناسراوی لەدەرئچێ ، تەنانەت خەڵک دەربارەی کۆمەڵگا وەژوو و ژیان و گوزەران بچوونیان وەرئەگرن ، بەڵام نووسەرە بەتوانا و ئەکادیمییەکان کەس حسابیان بە ناکا ، زۆربەی خەڵک حەزیان لە " سە" بوون و هیچ و پووچیە ...خەڵکانێک بەنج " مان ئەکەن تا ئەقڵ لە دەست بێن و خەڵکانێکیش بە تەهریج و گاتەبازاەی ئەمانهێننە پێکەنین لە پشەوەی ئەوانەوەن بەرامبەر بە واقیع بەخۆبەرمان ئەهێنن و بە ووتنی " حەقیقەتکان "

ئەتلەنتەوە ، لە بەر ئەوە دیموکراتی بە کۆمەڵگا نەفامەکان ناشێ ، چونکە دواجار زەرینەیەکی نەزان بە یار لەسەر چارنووسمان ئەیا…

ئەمەی باسمان لەکرد نموونەیەکی بچووک کراوەی ئەمەی کۆمەڵگای کوردیین کە

تشیخۆف " باسی لەوە کردوە ، ئەمە ئەبینین تراتینی سیاسیە ئەحمەقەکان وەک [تەم و جۆی] لەزرم و کوتانان بەئام لە دواجارا هەردووکیان هەر یەک بابەتن و بە بەنج کردنی خەڵک لە بەردەمی شاشەکانا یەکتر ئاوئەنن ،،، ژنەک سە کوی خەی بەخشیوە بەو میللەتە و تا تەقاعودیەکی مەرە مژی بە دوو سە مانگ جارەک وەر ئەگرە کەنەفت ئەبە لە بەرامبەری ئەم [کچە مەدەلەک]!!! سەیارەیەکی بیست و پەنج دەفتەری بە دیاری وەرئەگرە ، ئەکتەرەکی بە توانای دەرین کرچیە و موهەیجەکی کەمەدی!! بە دەفتەر مامەڵەی بازاڕ ئەکا ، شایەر و لەتیەک ئەبە سەرە بگری بە ئاسم گرتن لەگەڵیا و دوو سە حیمایەشی هەیە ..کەڵەی نووسەرەکی ئەکادیمی بیست کەسی لەیە و لە جومعیەکا دوو هەزار کەس گوە لە مەلایەکی شەروا سە ئوبعی ئەگرە ، قاچاخچیەک ئە بە بە [بیسنزمان] و باسی نیشتمان پەروەری و ناوگۆ پاک ببورن ئەستەپاکی ئەکا ، فیتەرەک ئەبە بە حاکمی هەموگەراجەکان و لە سایتەکانا هەوا و قسەکانی ئەچێتە گەشەی [بە پەلە]… بازی بەخت لەو هەموو عەشاماتا لەسەر سەری کەتر بازەک ئەنیشتەوە و ئەبە بە [وەزیـــر]!! و تەحەکـــوم بە دەغیلەی ئەو خەڵکەوە ئەکا ، قەشمەرەکی نەخوێندەواری گەعدەکان ئەبە بە موحەلیلی سیاسی هەر سەگەکەی بایی شەش حەوت دەفتەرە، ئاکردوەکانی دوێنە باسی کەراماتی خاک ئەکەن ، بەهانە بە جاش و فایلدار ئەهێنرێتەوە کە ئەوە زەمانی گەنجێتی بوو !! تەزی دکتەرایەک لەسەر [ووتەکانی سەرەک] و قوتابیەکەش ئەبە بە دال نوقتە ، خاوەن بەکالەریەس و دکتەرایەکی ئەوروپایش بە ساڵانی خزمەت و خانە نشین بوونەکەی ئەبە بیسڵمێنە وەک کوردەک بە حیزب چالاک بوە……

پەلەنکاری حیزبی بۆ قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کورد مایەی قبوڵ نیە

بەداخ و سەرسوڕمانێکی زۆرەوە، لەم هەفتانەدا (چیاو کریم الساعدی)، بەڕێوبەری فەرمانگەی پاراستنی گەلە بۆ کەمەنەکان، لە دوو چاوپێکەوتندا لە کەناڵی رووداو و کەناڵی (ای نیوز)ـی عێراقی، پەلەنکێکی نا لەژیکی بۆ قوربانیانی تاوانکانی جینۆساید گەلی کورد کرد، ئاویش بۆ پەلینکردنی قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال بۆ شەهیدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پەلەنکردنی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانیەکان بۆ شەهیدی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەم پەلینکاریەی (چیاو کریم الساعدی)، بەڕێوبەری فەرمانگەی پاراستنی گەلە بۆ کەمەنەکان، وەڵامی ئاوەی سوکایەتیەکی گەورەیە بۆ قوربانیان، هاوکات ئاماژەیکی مەترسیدارە بۆ کەمکردنەوەی بەهای بەیارەکانی دادگای باڵای تاوانکانی عێراق، کە تاوانکانی ئەنفال و کەمەکوژی بارزانیەکانی وەك تاوانی جینۆساید ناساندووە.

ئەم لەدوانەی ناوبراو لە دوای هەڵدانەوەی گەری بۆ کەمەلی ئەنفالکراوان لە ناوچەی تەل شیخیەی بیابانی سەماوە بوو، کە رووفاتی منداڵی تەمەن یەك مانگی تێدا بوو.. هەر بۆیە ئەمە پرسیاری ئاوە دەکەین، قوربانیەکی ئەنفالکراوی تەمەن یەك مانگ، چۆن پەلینی حیزبی بۆ دەکرێت، لە کاتێکدا ناوبراو هیچ واتایەکی ژیان نازانێت.

بۆیە وەك نووسەران و چالاکوانان و رەکخراوەکانی بواری جینۆسایدی گەلی کورد، وەڕای ئاوەی بۆ تۆندی لەدوانەکانی (چیاو کریم الساعدی)، بەڕێوبەری فەرمانگەی پاراستنی گەلە بۆ کەمەنەکان هەڵدەکێنەوە، هاوکات داوا دەکەین:
یەکەم: لێژنەی شەهیدان و قوربانیان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مەبەستی لێپێچینەوە، بەڕێوبەری فەرمانگەی پاراستنی گەلە بۆ کەمەنەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکەن.
دووەم: لەسەر بەڕێوبەری فەرمانگەی پاراستنی گەلە بۆ کەمەنەکانێ، بۆ ئاگەیاندراوی فەرمی و بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی داوای لێبوردن لە رووحی قوربانیانی جینۆسایدی کورد بکات.

نووسەران و چالاکوانان و رێکخراوەکانی بواری جینۆسایدی گەلی کورد.. 2025/1/8.

1- رێکخراوی کوردستان بۆ جینۆساید – KWG
2- رێکخراوی جیهانێکی بۆ چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی
3- نەهرۆ عەلایی کۆی شەهید و چالاکوانی بواری جینۆساید
4- تۆڕی ئایکان کوردستان ـــ IKN
5ـ رێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کەکوژ لە کوردستان ـــ OAWMD
6- هەماهەنگی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
7- تۆڕی رێکخراوە کوردستانییەکان لە پێناو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – koncicc
8- رێکخراوی هەماهەنگی دادپەروەری ـــ OJC
9- گۆڤاری تێپزاوە ـ تایبەت بە پرسی ئینفال و جینۆساید
10- رێکخراوی چاودێری کوردۆساید – چاك
11- ڕۆژنامەی نوگرۆسڵمان
12ـــ عەلی مەحمود ـــ نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید
13- عەدالەت عومەر ـــ نووسەرو لێکۆڵەری بواری جینۆساید
14- هەمن حەسیب ـــ نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید
15- ئەحمەد مەجید – کەسوکاری ئینفال و چالاکوانی بواری جینۆساید
16- ئەحمەد مەجید ـــ چالاکوانی بواری جینۆساید و کەسوکاری ئینفالکراو
17- شاخەوان شەش ـــ نوسەر و لێکۆڵەری بواری جینۆساید
18- جەبار ئەحمەد ـــ توێژەر لەبواری جینۆساید
19- گەردە مامە حەمە ـــ چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ
20- پەرژین جعفر حاجی روستم ـــ خوشکی شەهیدو ئینفال
21- عادل مەلا سالح ـــ باڵیۆزی ناوەندی ئاشتی جیهانی و چالاکوانی مەدەنی
22- ئەنوەر عومەر سەعید ـــ یاسایی و شارەزا لە پرسی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.
23- فاتیح مستەفا پێشمەرگەی دێرین و چالاکوانی بواری جینۆساید
24- فازل عەباس نووسەری بواری جینۆسایدو چالاکوان
25-بەختیار ڕەئوف کەسوکاری ئینفال و چالاکوانی بواری جینۆساید

نوقمانێ.. ستار ئەحمەد

کاتێک سەری ساڵ دەتەوێ
پرشنگ لەزامی وەردەدا
دوکەڵ هەوا دەخنکێنێ
شەنگێ دەندە دەوێنێ
گەی برین خاک دەچێنێ
هەور بەشەقەی باڵ دەتەوێ
زریان دەکات بەهەلانە
لوتکە گەرووی چیا دەگرێت
خەراک دەبێت بەمەیخانێ
شەنگێ مرۆ وەبەر دەنێ
گۆ بەهای بەرز دەبەتەوێ
لەشاو دەمی بێ کوشتارگە دەکرێتەوێ
ئاو لەبووونی وەردەگەڕێ
چرۆی باخان هەڵدەوەرن
ژیکەڵو پیر هانا دەبەن
بێ لانکیی گەڵ و مردن
پەرستگا بانگ دەخنکێنێ
بولبول لەنوێژ واز دەهێنێ
جیلوێ لەکانی نابیستی
هووبارەکان دەبنە مەڵگە و
کانگای پیسی
سنوور بەربەست دەجێشنێ
نیشتمان ئاڵای ون دەکا
ورگ دەستوور دادەڕێژێ
نان گەمەی مناڵ نابینێ
گولەو ئاگر دادەبارن
موژدەی شارو
سەری ساڵن
باخچێ فەری گریان دەبێ
هەڵپەکێ پەنجێ دەگەزێ
لافاو دەبەتە دژی زێ
ئاسمان بەپرشنگ کوێر دەبێ
سات سەری ساڵ دادەپاچێ
تاریکی ڕەژ دادەپۆشێ

تەمەن بەتەرم ئاشنا دەبێ
زەوی لەخوێناو تەر دەبێ

ستار ئەحمەد

خۆپیشاندانی ناڕازایەتی بەدژی لەشکرکێشی و کوشتاری حکومەتی تورکیا بەسەر کوردستانی سوریا

بانگەوازتان دەکەین بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانی ناڕازایەتی دژ بە لەشکرکێشی و کۆمەکوژی حکومەتی فاشیستی تورکیاو ئەردوگان و میلیشیا چەکدارەکانی دەوری بەسەر کوردی سوریا.
هەزی ئازادیخوازو مرۆڤدۆست و چەپی دنیا دەتوانێت بەر بەو وەحشیگەریەی ئەردوگان و حکومەتە فاشیستەکەی بگرێت.
ئێمە لە رێکخراوی بەریتانیا پشتگیری لە راگەیاندنکیش دەکەین کە لایەن: کەمپەینی دژی لە سەدارەدان لە ئێران – لەندەن و هاوپشتی لەگەڵ ناڕازایەتیەکانی خەڵکی ئێران، کە راگەیەنراوەو بانگەوازی هەموو لایەک دەکەین لەگەڵمان بن، تا پێکەوە لەبەردەم باڵیۆزخانەی تورکیا لەندەن کەبینەوەو ناڕازایەتی دەبین.
رۆژی شەممە 11/1/2025 کاتژمێر 1 تا 2:30 ی پاش نیوەڕۆ

Turkish Embassy
43 Belgrave SQ
SW1X BPA

رێکخستنی بەریتانیای حزبی کەمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونانەوە

07476204121 – 07720291516